# مەڕی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

کۆمەڵێك لە چالاکانی سیاسیو مەدەنی شاری کرماشان رۆژی ١١ی گەلاوێژ سەردانی ماڵی شەهید "کیانووش ئاسا"یان کردو تابلۆیەکی وێنەی کیانووشیان پێشکەشی دایکی شەهید کرد کە بەم رستە رازابووەوە کە "مەڕی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان".

شایانی باسە کە کیانووش ئاسا خوێندکاری ٢٥ ساڵەی کوردو لە بژاردەکانی زانکۆی عیلموسەنعەتی تاران بوو کە لە خۆپیشاندانی رۆژی ٢٥ی جۆزەردان لە مەیدانی ئازادیی تاراندا لە لایەن سەربازانی جەهلەوە شەهید کرا.



# کوردستان

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ژمارە: ٥١٤ ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێنجشەممە ١٥ی گەلاوێژی ١٣٨٨ ٦ی ئاگوستی ٢٠٠٩ ١٥٠ تمەن www.kurdistanmedia.com







٤ پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتیی لاوان



٥ کاردانەوەکانی رێژیم، پاش مانگرتنەکانی کوردستان



٩ کۆنگرەی ئۆگرانی رێبازی قاسملوو



١٠ شەپۆلی سەوزو کایەی شەڕی باڵەکان



# هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق، وێنایەکی دێموکراتیك

## پێشەکی

کەریم پەرویزی

## مرۆڤی بێماف

ئەو شەللاقەی کە سەربازێکی عێراق، بە سەر ئەندامانی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانیدا دەکێشا، رقو کینی رێژیمی ویلایەتی فەقیهی بوو کە لە رێگەی سەربازێکی ونو بێناو، بەسەر کەسانێکی چەککراوی دوور لە وڵاتی خۆیاندا، دادەدرایەوەو وەك چۆن لە شەقامەکانی تاران لەبەرچاوی هەموو جیهانەوە تەقەی لە خەڵکی بێچەكو ئاسایی دەکرد، لە کەمپی ئەشرەفیش، لە رێگای کەسانێك لە نێو ئەرتەشی عێراقدا کەلتووری خۆی بڵاو دەکردەوە.

ئاسایشی شارەکانی عێراق لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە رادەستی ئەرتەشی عێراق کراوەتەوەو یەك لەو شوێنانە، کەمپی ئەشرەف، شوێنی نیشتەجێبوونی هێزەکانی موجاهیدینی خەڵکە کە دەوڵەتی عێراق کە خۆی هێشتا لە ژێر کونترۆڵی بەندی حەوتی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەرکی نێونەتەوەییو رێکەوتننامەییەتی کە ئەو کەمپەو دانیشتوانی بپارێزێ، بەڵام وادیارە پاراستنو داپلۆسینی لێ تێك چووە.

رێکخراوی موجاهیدینی خەڵکی ئێران کە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوییەوە بە ئاشکرا بە دژی رێژیمی ویلایەتی فەقیهی شەڕ دەکا، ئێستاو لە دوای هێرشی هێزە هاوپەیمانەکان بۆ سەر عێراق، لە ژێر گوشاردایەو کەمپی شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامەکانی لە عێراق، بۆتە ئامانجی (رێژیمی کۆماری ئیسلامیو بەردەوام هەڕەشەی لەسەر دەکرێ، هەرچەند رەنگە لە ساتوسەودا سیاسییەکاندا) رێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوروبەرو رۆژئاواشدا بکرێ بە "کاڵا" بۆ مامەڵە لەسەرکردن، شتێك کە لە رابردووشدا وێنەی لە تیرۆری وییەندا دیتراوە.

خاڵی جێی سەرنج، بێدەنگیی کەسانو لایەنگەلێکی بە قەولی خۆیان پارێزەری مافی مرۆڤە بەرامبەر بە کردەوە دژی مرۆییەکەی ئەرتەشی عێراق کە ئاوا لە کەسانێکی بێدیفاعو بێچەك دەدەنو دەیانکوژنو سەدان کەسیان بریندار دەکەن. وادیارە ئەو جۆرە لایەنانەش لە بانگەشەی مافی مرۆڤیاندا مرۆڤی مافدارو بێمافیان ریزبەندی کردوە، دەنا با لە سیاسەتو کردەوەکانی موجاهیدین رەخنەمان هەبێو قبووڵمان نەبێ، بەڵام خۆ بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤەکانە بە بێ جیاوازیی ئایینی، رەگەزی، نەژادی، سیاسیو ... .

کۆماری ئیسلامی بە قەیرانە نێوخۆییەکانییەوە کە خامنەیی باس لە رفووزەبوونی نزیکترین نزیکەکانی دەکاو تەنانەت لە گاڵتەجاڕی مەراسمی تەنفیزدا ئامادە نەبوون، دەیەوێ لە دەوروبەر قەیران بخوڵقێنێو سەرنجی رای گشتی بۆ شوێنی دیکە رابکێشێو دەدانی لە خەباتگێڕان تیژ کردۆتەوەو وەك لە هەواڵێکی هەواڵدەریی ئێرنادا هاتووە، گوایە ئەو کردەوەیە بەسەر موجاهیدیندا هاتووە دەیەوێ بە سەر لایەنەکانی دیکەشدا بێ، بەڵام دۆخی خودی رێژیمو ناوچەکەو دۆخی لایەنەکانی دیکە ئەو رێگایە بە دەستوپێوەندییەکانی رێژیم نادەن کە شتی لەو بابەتە روو بداو گەر رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە خەیاڵی خاوی دەست لە خۆڵەمێشی گەرم وەر بدا، کەڵەپشکۆکان دەستی دەسووتێنن. ※



بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دوو پەیامی پیرۆزباییدا بۆ بەڕێزان مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانو جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق، بە ئاماژە بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارلمانیو سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ئەو پرۆسەی بە پرۆسەیەکی دێموکراتیك ناوبردو پیرۆزبایی بە خەڵکی کوردستانی عێراق وت کە لەودا سیمایەکی ئەمڕۆییان بە خەڵکی دنیا نیشان دا.

هەڵبژاردنی پارلمانی کوردستانی عێراقو سەرۆکایەتیی هەرێم کە رۆژی ٢٥ی ژووئیەی ٢٠٠٩ بەڕێوەچوون دەرفەتێکی گرنگ لە بەردەمی خەڵکی کوردستانی عێراق بوون کە لەوێدا بە هەڵسوکەوتی ئەمڕۆییو سەردەمییانەو دێموکراتیك، وێنایەکی درەوشاوە لە ویستی ئازادیخوازانەو پێشکەوتنخوازانەی کورد بە هەموو لایەکی چاو لە کوردستان بڕیو، نیشان بدەن. ئەو رەوتە کە لەودا چەندین لیستو دەنگی جیاواز بانگەشەی بەرنامەکانی خۆیان کردو گەلی کوردستانی عێراقیش بە ئازادی لە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئیرادەی خۆیان نیشان دا، ئەزموونێکی گرینگ بۆ هەموو کوردو هەروەها دووبارە سەلماندنەوەی دێموکراسیخوازو پێشکەوتوویی نەتەوەی کورد بوو کە وێڕای ئەوەی چەند ساڵێکی کورتە کە دەسەڵاتێکی خۆجێیی هەیە، بەڵام سەرکەوتووانەتر لە دراوسێکانی، ئەزموونی دێموکراسیو رەچاوکردنی دەنگو رەنگی جیاواز دەکا. دەقی تەواوی پەیامەکانی بەڕێز مستەفا هیجری لە لاپەڕەی ٢دا بخوێننەوە.

## گەلاڵەی گەمارۆی هەناردنی بێنزین بۆ ئێران پەسند کرا



سەنای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە پەسەندکردنی گەلاڵەیەکی نوێ، داوای کرد نەوتی خاو لەو کۆمپانیاگەلەی کە بێنزینو بەرهەمەکانی دیکەی نەوت بە کۆماری ئیسلامی دەفرۆشن، نەکڕدرێ. ئەم گەلاڵەیە کە رۆژی چوارشەممە، ٧ی گەلاوێژ بە زۆرینەی دەنگی سەنای ئامریکا پەسەند کراوە، گەر لە لایەن مەجلیسی نوێنەرانو سەرکۆماری ئامریکاشەوە پەسەند بکرێ، دەگاتە قۆناخی جێبەجێکردن. بە پێی راپۆرتی DW، ئەو سناتۆرانەی ئەم گەلاڵەیان دارشتووە، ئامانجی ئەوەیان گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی راوەستاندنی بەرنامە ناوکییەکانی باس کردوە. کۆماری ئیسلامی ٤٠ لە سەدی بێنزینی پێویستی خۆی لە دەرەوە دابین دەکاتو کارناسان پێشبینی دەکەن کە جێبەجێبوونی ئەم گەلاڵەیە، دەبێتە هۆی گوشارێکی زۆر بۆ سەر ئێران. کۆماری ئیسلامی لە هەوڵێکی دوژمنکارانەو دوو رۆژ پاش پەسندکردنی ئەم گەلاڵەیە، سێ توریستی ئامریکایی لە نزیك سنووری ئێران لەگەڵ کوردستانی عێراق دەستبەسەر کردو هۆکارەکەشی بۆ چوونی نایاسایی ئەو سێ توریستە بۆ نێو خاکی ئێران ناو بردووە. ئەو کارەی کۆماری ئیسلامی بۆتە هۆی قووڵتربوونەوەی کێشەی نێوان ئێرانو ئامریکا.

## براوەکانی خەڵاتی نۆبێل، سەرکوتی خەڵکی ئێرانیان شەرمەزار کرد





٢٤ براوەی خەڵاتی نۆبێل لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا کە رۆژی دووشەممە، ١٢ی گەلاوێژ لە رۆژنامەی "ئینتێرناشناڵ هێراڵد تریبیون"، نوسخەی جیهانی نیۆیۆرك تایمزدا بڵاویان کردووەتەوە، بەنسیبەت سەرکوتی خەڵکی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نارەزایەتییان دەربڕیو سەرکوتەکانی ئەمدواییانەیان شەرمەزار کرد.

بە پێی هەواڵی رادیۆ فەردا، نووسەرانی ئەو نامە سەرئاوەڵایە کە لە بواری جۆراوجۆرەدا لە ساڵی ١٩٦٠ بەملاوە براوەی خەڵاتی نۆبێلن، وێڕای دەربڕینی بێزاری خۆیان لە "شێوازە توندوتیژانەو سەرکوتکەرانەکانی حکوومەتی ئێستای ئێران لە پێناو سەندنەوەی مافی ئازادیی دەربڕین لە خەڵکی نارازی"، دەڵێن لەوەی کە دەوڵەتی ئێران لە دانی ئازادییە بنچینەییەکان بە خەڵك خۆی دەبوێرێ، تووڕەن.

"وولە شوینکا"، براوەی نۆبێلی ئەدەبیات، ئێلی ویزڵ، نۆبێلی ئاشتی، جان مەتر، نۆبێلی فیزیك، ئێستێنلی کوێن، نۆبێلی شیمی، ئێریك مەسکین، نۆبێلی ئابووریو ئۆسقۆفی مەزن دۆزمۆند توتو، نۆبێلی ئاشتی لەو کەسانەن کە نامەکەیان واژۆ کردوە.

## کۆماری ئیسلامی کەسە نزیکەکانی نێو نیزامەکەشی دادگایی کرد

محەممەد عەلی ئەبتەحی، سەرۆکی دەفتەری سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی، محەممەد عەتریانفەڕ، ئەندامی پلەبەرزی حیزبی "کارگزاران سازندگی" لەگەڵ دەیان کەسی دیکە رۆژی شەممە، ١٠ی گەلاوێژ لە دادگای بە ناو ئینقلابی تاراندا دادگایی کران. ئەم کەسانە کە لە دەوڵەتەکانی پێشتری کۆماری ئیسلامیدا، پۆستگەلێکی گرینگیان هەبووە، پاش نارەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵك لە تارانو بە تۆمەتگەلێك وەك "هەوڵدان دژی ئاسایشی نەتەوەیی"، "خراپکردنی ملکوماڵی تایبەتی خەڵك"و "شێواندنی تەناهی گشتی" دادگایی کران. لە دادگاکەدا، تاوانبارەکانو بەتایبەت محەممەدعەلی ئەبتەحی، سێ کەسی پلەبەرزی رێژیمیان واتە رەفسەنجانی، خاتەمیو مووسەوی وەکوو کەسانێك ناوبرد کە ویستوویانە دژی نیزام بجوولێننەوە. هەروەها رۆژنامەی "کیهان"، چاپی تاران لە مەڕ دادگاییکرنی ئەو کەسانە نووسی: "سەرانی دووبەرەکی نانەوە بە تەواوی (مفسد فی ا لا رض) ن کە... لەو جینایەتانەن کە ناکرێ لێی ببوری". بە پێی هەواڵی رادیۆ فەردا، رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە راگەیەندراوێکدا، وێڕای بە گاڵتەجاڕی ناوبردنی ئەو دادگاییە، بە نیسبەت مەترسی تۆمەتی "محاربە" لە رۆژنامەنووسە دادگایکراوەکان هۆشداریان دا. هەروەها والتێر شتاین مایێر، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان رۆژی یەکشەممە لە بەیاننامەیەکدا، وێڕای رەخنەگرتنی توند لە چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو دادگاییە، رایگەیاند کە "بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان، لانیکەمی پێوانە ناسراوە حقووقییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دادگاییەکی روونو دادپەروەرانە رەچاو نەکراوە".